

**پشکۆ نەجمەدین**

**لە ئارشیڤی ڕاپەڕینەوە:**

## کرۆنۆلۆژیای شۆڕشێکی شکستخواردوو

### ڕاپەڕین، سەرکەوتن، گلان

((دادێ، ئەو ڕۆژەی چەرخی ڕۆژگار بە هەق بگەڕێ،
ئەو ڕۆژەی بە حسێبتان بگەن،
ئەو ڕۆژەی لێتان بپرسن:
ئاخر چلۆن ڕەحمتان بەم نیشتمانە نەکرد؟!. "نازم حیکمەت")).

دەروازە:

پانزەساڵ پێش ئێستا، کێشەیەک لە ئەنجامی پەلاماردانی ئێراق بۆ کوەیت، لە ئێراق و جیهان و نێوچەکەدا هاتە گۆڕێ. ئەم کێشەیە، ڕووداو و گۆڕانکاریی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایێتیی جۆراوجۆر و فرەلایەنی هێنایە سەر شانۆی ڕووداوەکان. ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی کوردستان و خوارووی ئێراقیش، دەرهاویژتەی تەنگژەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و پێچەڵپێچە بوون.

ئەم نووسینەی لێرەدا دەیخوێنییەوە، ساڵی 1991نووسراوە. ئەمە، خوێندنەوەکانی ئەوی ڕۆژیی منن، بۆ ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و ئەو دەرئەنجامانەی لە پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی ڕاپەڕین کەوتنەوە. لەو ڕۆژگارەدا، کوردستان بۆ ئێمەی مەنفانیشین، دوورەدەست بوو. پەیوەندیی تەلەفوونی و ئینتەرنێت نەبوون. دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و تێگەیشتن لە هەقیقەتی ڕووداوەکان، ئەستەم بوون.

هەمانساڵ، من نامیلکەیەکی چکۆلانەم بەردەست کەوت و کردمە تەوەری کۆڵینەوە و خوێندنەوەکانم بۆ پرۆسەی راپەڕین و سەرهەڵدان و تێکشکاندنی شووراکان. (پاشتر دەچینە سەر نامیلکەی تاین و لە دیدی هەڵسسوڕاوێکی کۆمۆنیستی نێو بزووتنەوەی راپەڕین و شووراکانەوە، رووادوەکان دەخوێنینەوە و ریشاژۆیان دەکەین).

* * *

راپەڕین.... وەکو دوالوتکەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر دژ بە ستەم و دیکتاتۆری، هەتا کۆتایی پەنجاکانی ئەم سەدەیەش، خەسڵەتی دیار و شێوازی سەرەکیی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێراق بوو، دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و رژێمی پاشایێتی.
ئەم شێوازەی خەبات، لەسەرەتای شەستەکانەوە و هەتا نێوەڕاستی هەشتاکان، لە سۆنگەی گەلێک هۆکاری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایێتییەوە، لەسەر شانۆی خەبات کشایەوە و جێگای خۆی بۆ شێوازی بزووتنەوەی چەکداری چۆڵ کرد!.
راپەڕین... یاخیبوونی جەماوەری بێزار و بێهیوا لە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایێتیی بیزراو و نالەبار، لە هەل و مەرجی رەخساودا دێتە ئەنجام و سەرکەوتنیشی بە ئاستی هۆشیاری و ئامادەیی و شارەزایی خەڵک و هاوسەنگیی تەرازووی هێزەکانی شۆڕش و دژەشۆڕش و فاکتەرە دەرەکییەکانەوە بەندە.
راپەڕینە گلاوەکەی ئەمجارەی کوردستان، توێژینەوە و کۆڵینەوەی فرەلایەن هەڵدەگریت و دەشێ وەکو مژدەبەخشی دەرکەوتنی سەرەتایەکی نوێ و هیوابەخشی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوی لێ بکرێت.
ئەم راپەڕینە، تەقینەوەی گرکانی رک و کینەی جەماوەرێکی پتر لە "30"ساڵان فریوخواردووی سیاسەتی سازشکارانەی حیزبەکان و بزووتنەوەی بێئاکامی حیزبایێتی لە لایەک و زوڵم و ستەمی سیاسەتی داگیرکارانەی بەعس و بەعسیزم بوو لە کوردستاندا.
راپەڕین، زریانێک بوو، لەمپەری بە زەبرڕۆنراوی نێوان و جەماوەر و شۆڕشی وەکو شوورا ئەفسانەییەکەی بەرلین، رماند.
ئەوی تا ئێستا لەمەڕ ئەم شۆڕشە خەڵککردەی کوردستان و ئێراق نووسراوە، زۆر کەمە و لە قولەپێی بەژنی بڵندی حەماسەتی خەڵکە راپەڕیوەکە تێ ناپەڕێت.
لە کوردستان، جگە لە بەیان و بڵاقۆکی حیزب و گروپە سیاسییەکان، نووسین و سەرچاوەیەک دەست ناکەون. گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی هەندەرانیش، وێڕای هەندەک وتار و لێکۆڵینەوەی تیوری، چەند بەڵگەنامەیەکیشیان بڵاو کردووەتەوە.

بەڵگەنامەکان، نامەی تایبەتن و لە چەند کەسێکی جیاوازەوە، بە پێی دید و بۆچوون و زانیاریی جیاوازیان، لە سەر راپەڕینەکە نووسیویانن.
ئەگەر هەموو نامەکان لەبەریەک رانرێن، وێڕای چەند بۆچوونێکی هاوبەش، ئەوا چەندین وێنەی ناکۆکیشمان نیشان دەدەن و هەقیقەتی پرۆسەی رووداوەکان و هەڵچوون و داچوونی کێرڤی ئاڵوگۆڕەکانمان نانێنە بەر دەست.
((هەڵسووڕاوێکی بزوتنەوەی شووراکان، لە کوردستانەوە دەپەیڤێ... چەند بیرەوەرییەک لەمەڕ راپەرین، سەرکەوتن، گلان))، ناونیشانی نامیلکەیەکی 120 لاپەرەیی بێنووسەر و کات و شوێنی بڵاوکردنەوەیە و "شێرکۆ"ناوێک لە مانگی مایسی 1991دا، لە پاریس بۆ زمانی فارسیی وەرگێڕاوە و بەڵگەنامەکانی وەکو خۆی بە کوردی، لە پاشکۆیدا، چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.
وەرگێڕ، لە پێشەکییەکی چەنددێڕیدا وەهای نووسیوە:
((ئەم نامیلکەیە، بیرەوەرییەکانی یەکێک لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی کوردستانی ئێراقە کە چاپە کوردییەکەی بە هەندەران گەیشتووە، وێڕاش کۆمەڵێک بەڵگەنامە و بەیان و بڵاوکراوەی کوردی، هاورێی وەرگێڕانە فارسییەکە، بە کوردی کراونەتە پاشکۆ...)).
وەرگێڕی فارسی، لەبەر هەرهۆیەک بێت، نە ناوی نووسەری هێناوە و نە باسێکی لە شوێن و ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقە کوردییەکەکردووە. وێراش، مرۆڤ بە خوێندنەوەی دەقە فارسییەکە، هەندەک زانیاری لەمەڕ نووسەر هەڵدەکرێنێ....
_ نووسەریکی بێئاگا و وەلاکەوتووی پەراوێزی رووداوەکان نییە و لە جەرەگەیاندا ژیاوە.
_ نووسەرێکی نامولتەزیم نییە و ئەندامی کارای یەکێک لە گروپە چەپە رادیکاڵەکانی کوردستانی ئێراقە. ئەو خۆی دەڵێ:((خرۆشی راپەڕین، لێرە و لەوێ، وەشار کەوتبوو. ئێمەی رادیکاڵانی گروپە چەپە جۆربەجۆرەکان، ئەوانەی لە شاردا مابووینەوە، ئێمە یەکەمین دەستەی چەکداری راپەڕینمان دامەزراند.... راپەڕین ل1)). ئیدی دیارە کە نووسینەکەشی بێلایەن نییە و لە دیدێکی حیزبییەوە داڕێژراوە. وێڕاش، ناکری وەکو دەقێکی ئەبستراکتی حیزبی لە نووسینەکە بڕوانرێت، بگرە زانیاری و سەرنجگەلێکی ورد و پاراوی لەسەر بزووتنەوەی شووراکان لە کوردساتندا و چۆنییەتی سەرهەڵدانی ئەو شێوازە نوێیەی دەسەلات، خاڵە لاوازەکانی، خەسڵەت و سرووشت و هێزە بزووێنەرەکانی و هەڵوێست و مامەڵەکردنی "بەرە"ی لەتەک ئەو دیاردە نوێیەدا دەرخستووە و شیاوی لێڕامانن.
پێم وایە، توێژینەوەی لە بەرگەوە بۆ بەرگی نامیلکەکە، دووهێندەی قەوارەی خۆی گەرەکە و ئەمەش بۆ وەها نووسینێک کارێکی نەشیاوە. من، لە خوێندنەوەمدا بۆ نامیلکەکە، هەوڵی چڕکردنەوەی سەرنج و راکانم لە چەند خاڵێکدا دەدەم...
1_ راپەڕین

2_ بزووتنەوەی شووراکان
3_ ململانیی نێوان شووراکان و بەرەی کوردستانی.

## 1_ راپەڕین

راوەستانی جەنگی نێوان ئێراق و ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، بێمەرج خۆوەدەستەوەدانی رژێمی بەعس و ئیفلیجبوونی لە جەنگەکەدا، شەختەی ترس و سامی جەماوەریان تواندەوە و ترسیکی مەزنتریان لە ناخی دەسەڵاتدارانی رژیم ئاخنی. ئیدی تەنیا پزیسکێکی چەخماخەی رکی جەماوەر، بۆ سووتاندنی جەنگەڵی ستەم، بەس بوو.

((رۆژی 6ی ئازار، خۆپیشاندان و هاتواهواری لاوان و مێردمندالان، لێرە و لەوێ سەریان هەڵدا. چەکداران و سیخوڕانی رژێم، بە هەوادا تەقە دەکەن. تیشکی راپەرین، لە چاوانی هەمووانا دەدرەوشێت. هێزەکانی ئاسایش بۆ گەلەکوژی ئامادەن. رژێم، تانک و زرێپۆشی بۆ سەر شەقامان هیناون. رژێم نازانێ کە لەگەڵ خۆنیشاندانی ئارام و جەماوەری دەستبەتاڵ رووبەروو نابێتەوە. ئەوان دڵنیان کە پێشمەرگە لەم ناوە نین و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان سنووریان بەرەو کوردستان بەزاندووە. ئەمەش مایەی دڵخۆشیی رژێمە. سەرلەبەیانیی 7ی ئازار، یەکەمین دەستەی چەکداری راپەڕین، لە دوو قوڵەوە، لە باکوور و رۆژهەڵاتی شارەوە، بەرەو شەقامە سەرەکییەکانی نێوەندی شار، وەڕێ کەوتین. ئێمە، یەکەمین دەستڕێژی پیاوانی رژێممان بە دەستڕێژ وەڵام دایەوە.... لە ماوەی یەک سەعات یاخود کەمتردا، تەواوی گەڕەکە سەرپەڕەکانی شار پاککرانەوە و هێزەکانی رژێم لە بنکە و مۆڵگاکانیان پەستێوران و لەوێدا سەنگەریان گرت.... هەروا راپەڕینی خەڵک، وەک ئەوەی پێشتر ساز درابێت، سەراپای شاری تەنی.... راپەڕین ل12)).

لێرەدا، دەکرێت دوو خالی گرنگ دەستنیشان بکرێن کە یەکیکیان لە تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی لە کوردستانەوە دەرچوون، ئاماژەی پێ کراوە و جەختی لەسەر کراوە:

_ راپەڕین، تەواو خۆڕسک و جەماوەرکرد و دوور لە هەر نەخشە و پلان و رێبەرایەتیکردنێکی حیزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی تەقلیدی بووە.

_ گەرچی ئەندامانی هەندێک گرووپی ژێرزەمینی، دەستەی چەکداریان دامەزراندووە و لە هەوڵی بزوواندنی خەڵکدا بوونە، بەڵام گڕی راپەڕینەکان، لە کوورەی حەماسەتی لاوانەوە بڵێسەی سەندووە و پاشان بۆ خەرمانی خەون و ویست و خولیاکانی جەماوەر تەشەنەی سەندووە.

((7ی ئازار، شەقامەکان لەژێر کۆنترۆڵی خەڵی راپەڕیوادان. سەربازان و چەکدارانی رژێم بە بەرەی خەڵکەوە پەیوەست دەبن. ئەو لاوانەی لە جەنگی کوەیتدا چەکدار کراون، چەکەکانیان دەردێنن. ئەو چەکانەی لە رژێم گیراون دابەش دەکرین.

راپەڕینی چەکدارانە، خۆبەخۆ و نارێکخراوە. کۆمۆنیستان، تیکۆشەران و لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار، لێرە و لەوێ، ئامادە دەبن... راپەڕین ل2)).
رۆژی 7ی ئازار، هێرش و پەلاماری خەڵکی راپەڕیو، تا ئێوارە دریژەی هەبووە و زۆربەی بنکەکانی رژێم گیراون. لە کاتژمێری چوار و نیوی بەیانیی 8ی ئازارەوە تا کاتژمیر سێ و نیوی ئێوارەی هەمانرۆژ، شەپۆلی خوێناویی زەریای هێرشی خەڵک، بۆ سەر بنکەکانی رژێم بەردەوام بووە. ((لە کاتژمێر سێ و نیودا، دواسەنگەری دژەشۆرش کەوت...ل3)).
بەم پێیە، مەودای نێوانی کازیوەی راپەڕینی خەڵک و لە کەلەپۆ ئاوابووبی خۆری داگیرکاران لە شاری سلێمانیدا، تەنیا 32،5کاتژمێر بووە. لە دوو رۆژی راپەڕیندا، بەشێکی زۆری خۆراک و دانەوێڵە و پۆشاکی نێو ئەنبارەکانی دەوڵەت، لە لایەن خەڵکەوە، بەسەر خەڵکدا دابەشێنراون.
شۆڕشێکی جەماوەریی نارێکخراو، بێ بەرنامەی سیاسیی روون و دیاریکراو، بێ رێبەر و سەرکردەی بەئەزموون و پیتۆڵ و کارامە، سەرکەوت و داگیرکاری رادا. ئەدی پاش سەرکەوتن، چ دەکرێت؟!. کاروباری خەڵک چۆن رێک دەخرێ و چلۆن بەرێوە دەچێ؟!. ژیانی کۆرپەی شۆڕش چۆن دەپارێزرێ و چی شەکانەوەی ئاڵای سەرکەوتن مسەوگەر دەکات؟. ئەمانە پرسیارگەلێکن، بۆ خەڵکە راپەڕیوەکە و بۆ گروپە چەپەکانیش، جێگای لێرامان بوون و ئاییندەیەکی رۆشنیان لەبەرچاودا نەبوو!.
((ئێستا کاتی دانیشتن و تەگبیرکردنە... دەبێ چی بکەین؟... رێکخستنی هیزی شوورا و چەکدارکردنی گشتی و دیاریکردنی ئەرکی شووراکان، کاری ئێمەن. شوورای کرێکاران و یاسای کار، دەبێ دەستبەجێ پیادە بکرێن. هەروەها هەڵوێستی کریکاران لە حیزبە بورژواکان و "بەرە"... جێبەجێکردنی ئەم پلاتفۆرمە، کاری گەرەکە... ئایا جەماوەری کرێکاران، لەژێر دروشمی شووراکاندا کۆوە دەبن؟. ئەمە پرسێکە و ئێستا هیچ بەرسڤێکمان بۆی نییە... دەبێت کاری بۆ بکەین!...راپەڕین ل3_4)).
گروپە چەپەکان، یاخود وردتر، گروپەکەی نووسەر، لە روانگەیەکی تیوریی خۆڵەمێشی و لە واقیع دابڕاوەوە لە شۆڕش و پێداویستیی قۆناغەکە و ئەرکەکان دەڕوانن. ئەوان، دەستیان بە ئەڵقەی شوورای کرێکاری و یاسای کارەوە گرتووە و خۆشیان لێیان دڵنیانین و لە پتەویی هەنگاوەکانیان بەگومانن. ئەوان مەودا و لەمپەری نێوان کتێبەکانی خۆیان و ریالیتەی بزووتنەوەی کریکاران دەبینن. ئەوان، لە لاوازی و کەمبرستیی هێز و توانای ریکخراوەکەیان دڵنیان، کەچی لینین و بەلشەفییەکانیان لە بنهەنگڵ ناوە و دەستبەجێ و لە هیچی نەبوو، لە کوردستانی ویرانە و داوەشاودا، لە هەولی دارِشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی

کرێکاریدان. ئەوان دەیانەوێت، لە "شێخەڵا" و "قەرەجئاوا"دا، کۆماری سۆسیالیستی دابمەزرێنن!!.
(بۆ سەلماندنی ئەم راستییە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوەو سەر بەرنامەی حکومەتی کرێکاری، نووسراوەی رێکخراوەی رەوتی کۆمۆنیست و پەسەندکراوی کۆبوونەوەی شوورا کرێکارییەکانی کوردستان!!)).
پێم وایە، یەکێک لە هۆیەکانی خورتنەبوون و چەمانەوەی شلکەنەمامی شوراکان، لەبەر زریانی دژەدیموکراسیی "بەرە"دا، بەرزکردنەوەی دروشمی شوورای کرێکاری و زەقکردنەوەی داواکارییە کرێکارییەکان و بە کەمگرتنی مەسلەی میللی و تێنەگەیشتن لە خواست و ویست و سایکۆلۆژیی جەماوەر بوو. دەرکنەکردن و تێنەگەیشتنی چەپەکان بۆ هەقیقەت و ماهییەتی راپەڕین لەمەڕ:
_ تەقینەوەی ناکۆکیی نیوان دوو دیاردەی سیاسی_کۆمەڵایەتیی ناتەبا و بەزەبر پێکەوە شەتەکدراو کە تا سەر پێکەوە هەڵکردنیان مەحاڵە، ئەویش بوونی رژێمێکی داگیرکار و زەوتکاری خاک و مافی ژیانی میللەتێک لەلایەک و هەقیقەتی بوونی میللەتێک وەک بەشیک لە نەتەوەیەک و بزووتنەوەیەکی رەوای نەتەوایەتی کە لە پرۆسەیەکی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەدایە و رووەو ئاسۆی رزگاری و مافی چارەنووسی خۆی بەڕێوەیە.
چەپە بانچەپەکانی کوردستان، راپەرینیان وەکو پرۆسەی بەلاداکەوتنی پۆزیتیڤانەی ململانێی چینایەتیی نێوان کرێکارانی کوردستان و رژێمی سەرمایەداریی فاشیستی ئێراق چاو لی دەکرد و دامەزراندنی حکومەتی شوورابیان (( کە لە دید و بۆچوونی ئەوانەوە، جگە لە دیکتاتۆریی کرێکاران، شتێکی دیکە نییە)) بە ئاڵتەرناتیڤی سیاسیی بێچەندوچوون دەزانی و مەسەلەی نەتەوایەتی و کێشەی مافی چارەنووسیان لە بازنەی تەنگی تیور دەرنەهاوێژتبوو. ئەوان بەکردەوە کاریان بۆ مەسەلەیەک دەکرد کە لەگەڵ واقیعی بارودۆخە تایبەتەکەدا نەدەهاتەوە. ئەم سادەییەش لە تێگەیشتندا بۆ دۆخی لەئارابووی شۆڕش و کۆمەڵگە، دەبێتە مایەی رووتبوونەوەی جەماوەرییان و لەبەر شاڵاوی پڕ زەبری "بەرە"دا، بێ پشت و پەنا، بە ناچاری پاشەکشێ دەکەن.
_ ئەگەرچی نکۆڵیکردن لە بوونی کرێکاران وەکو چینێکی کۆمەڵایەتیی شۆرشگێڕی کوردستان، پیشەی تەنگنەزەرانی خەباتی کوردایێتییە و هەرگیز ناشی لە خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە و رۆڵی شۆڕشگێرانەی، بە درێژایی بوونی خۆی لە کوردستاندا کەم بکریتەوە، وەلێ دارڕتنی بەرنامەی خەباتی ئەو چینە، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکی جیادا، مەسەلەیەکی گرنگ و حەیاتیی خودی ئەو چینەیە و هەتا ئێستاش تەواوی ئەو حیزب و گروپانەی لافلێدەری نوێنەرایتیی کرێکارانن، لە ئاست مەزنیی ئەو ئەرکەدا نەبوونە و نین. ئەوان کریکارانیان پێ هۆشیار نەکراوە و بەرەو هەڵدێریان بردوون. بەزۆرەملێ سواری کۆڵیان بوونە و بەرنامەی ناشیاویان

بۆ دارژتوون. پێشم وایە، هۆشنکردنی کرێکاران، بە هەل و مەرجی خودی چینەکەوە بەندە و ڕێکخستن و ڕابەرایێتیکردنیشیان، ئەرکی خۆیانە و بە هیچ گرووپێکی ڕۆشنبیر نایەتە ئەنجام.
وێڕای ئەم ڕاستییانەش، ئەو گرووپانە، ڕێکخراوی چاژان و قاڵبووی نێو بزوتنەوەی کرێکاران نین. تەمەنی سیاسیی شتاقیان ناگاتە "10"ساڵ و لە هەل و مەرجی خەباتی ژێرزەمینیی دژ بە ڕژێمدا، توانا و بواری چوونە ناو جەماوەری کرێکاران و سازدانی مانگرتن و خۆنیشاندانی ئابووری و سیاسییان نەبووە. ئەوان، بە حوکمی ژیانیان لە وڵاتیکی نادیموکراتی وەکو ئێراقدا، چ ئەزموون و دەرسێکی خەباتی دیموکراتییان وەر نەگرتووە. مرۆڤ، ساتی لە بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایێتیی ئەم گرووپانە دەنواڕێ، چ لارییەکی لێی نییە و پێی خەنی دەبێ. ئەوان وێڕای دڵسۆزییان بۆ خەباتی کرێکاران، تەلاری بەهەشتی سۆسیالیزمیان لەسەر لمی خەیاڵ و بە رووپەڕی کتێبان ڕۆ ناوە. مەودای نێوان ئەوان و کرێکاران، ئاسمان و ڕێسمانن.

## 2_ بزووتنەوەی شووراکان

شوورا، دەسگای هەڵبژێردراوی دیموکراتییانەی خەڵک بۆ بەڕێبردنی دەسەڵات و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگە، ئەگرچی لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا، گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چەمکی جیاوازی لەخۆ گرتووە، وەلێ دیاردەیەکی نوێ نییە و تەمەنی هێندەی تەمەنی دیموکراتی و هەڵبژاردنی دیموکراتییانەیە. شوورا و بزووتنەوەی شوورایی لە کوردستاندا، بەم چەمک و فۆرمە مۆدیرنەی ئێستایانەوە، لە هەناوی ڕاپەڕینی خەڵکدا لەدایک بوون و هەر لەوێشدا لەسەر دەستی ئۆپۆزسیۆنی ساختەدا، لەگۆڕ نران. تێکشکانی ئەم شێوازە نوێیەی خەباتی خەڵک، هەرگیز بەمانای پوچەڵی و هیچ لەبارانەبوویی بزووتنەوەی شوورایی بە مانا ڕاستەقینەکەی نییە....
((9ی ئازار... بیری شورا بەربڵاوتر شاری تەنیوە. پلاتفۆرمی کورت و ڕۆشن لەمەڕ ئەرکەکانی پاش ڕاپەڕین، بە سەرتاسەری شاردا پەخش کراون. هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی لە گەڕەکەکاندا، سەرگەرمی کارن. یەکەمین کۆبوونەوەی جەماوەری دەستی پێ کرد...ل4)).
تەواوی بەڵگەنامەکان، ئەوە جەخت دەکەن کە جەماوەری ڕاپەڕیو پاشی سەرکەوتن، لە هەموو گەڕەکێکدا، جۆرێک لە دەسگای بەڕێوەبردنیان بە نێوی شووراى گەڕەک و لە نوێنەرانی شووراکانیش، کۆمیتەی باڵای شوورای شاریان هەڵبژاردووە. ئەم کارە، لە هەردوو شاری هەولێر و کەرکووکێش ئەنجام دراوە.

دەستبەجێ کەوتنەگەڕی خەڵک لە حوکمڕانیی خۆیدا و چاوەڕوان نەکردنیان بۆ حیزبەکانی "بەرە" تا بێن و کۆمیتەی بەڕێوەبردنیان بۆ دابتاشن، بێهیوایی و بڕوانەبوونی خەڵک بەو حیزبانە دەردەخات.
ئەم شوورایانە، شووراى راستەقینەى دەسەڵاتی خەڵک بوون و بەهەزاران کەس هاتنە ژێر ئاڵایانەوە... ((کۆبوونەوەى گشتی، رۆژانە بەڕیوە دەچوو. لە هەر کۆبوونەوەیکدا، زیاتر لە 1000نوێنەر بەشدار دەبوون... بەڵگەنامە، گۆڤارى یەکگرتن، ل13)).
چ گومان لەوەدا نییە کە گروپە چەپەکان، لە بڵاوکردنەوەى بیرى بزووتنەوەى شوورایی و دامەزراندنی شووراکاندا، کەم و زۆر کارکردیان هەبووە، وەلێ زۆر رۆشنە کە جەماوەرى سەدهەزار کەسیی  بە بەرنامەى گرووپەکان لەمەڕ نێوەڕۆک و ئەرکی دەستبەجێی شووراکان قایل نەبوون و پێی نامۆ بوون. بە ڕاى من پەرۆشیی جەماوەر بۆ شووراکان، دەکرێت لە سێ خاڵدا چڕ بکرێتەوە:
1_ بەرگریکردن لە دەسەڵاتی دیموکراتییانەى خەڵک.
2_ خۆسازدان بۆ داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی وەدەستهێنراو و نەگەڕانەوەى دەسەڵاتی رەشی داگیرکاران.
3_ لەمپەردانان لە بەردەم دەسەڵاتی لەسەرێ ڕا سەپێنراوى حیزبەکان.
نووسەر دەڵێ:((زەریایەک کار و خەڵکێکی کەم. کریکاران و خەڵکی راپەڕیو، چەندە تینووى کار و پیشە و هەڵسووڕانن. چ گومان و دڵەڕاوکێیەکیان هەیە. ئەوان نازانن چ بکەن و ئامادەى هەمووشتن. هیچ تێگەیشتنێکی رۆشن لەمەڕ شوورا، لەنێو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەى شوورایيدا نییە، چ جاى خەڵکانی کریکار و زەحمەتکێش...ل16)).
کار و پیشە هەرچەند زۆر بن، بۆ جەماوەرێکی سەدهەزارکەسیی زۆر نین. پێشم وانییە خەڵک لە هەڵسووڕانی دیموکراتییانەى خۆیاندا نائاگا و بێئاوەز بن، بەڵام نەک خەڵک بگرە کادرانی گروپەکەى نوسەریش،"نووسەر بە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەى شوورایی نێویان دەبا"، بە شووراى کرێکارى و حکومەتی کرێکاران نامۆن و بەکردەوە هیچی لێ نازانن و دەستەپاچەن. ساتێ گرووپە چەپەکان دەیانزانی دەرۆست وەها ئەرکێکی پێشوەخت نایەن، دەبوو بەرژەوندى تەسکی ئایدۆلۆژى و گرووپچێتیی خۆیان وەلا نابا و لە ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاو گەڕابان. ئەڵتەرناتیڤێکی ئاشنا بە ئەقڵێت و تەبا لەگەڵ خواست و ویستی ئەم قۆناغەى بزووتنەوە جەماوەرییەکەدا. ئەوسا دەکرا هێزى ماددى و ڕۆحیی جەماوەر بۆ سەرخستنی یەکجارەکیی شۆڕش و بەربەستکردنی دەسەڵاتی نادیموکراتیی حیزبەکان وەگەڕبخەن. ئەگەر وەهایان کردبا، ئەوسا دەیانتوانی لە هێرشی دووبارەى رژێمدا بۆ سەر کوردستان، ئەو سەنگەرانە بگرنەوە کە هێزى حیزبەکان لە شەووڕۆژێکدا و بێ بەرگرییەکی بەرچاو، چۆڵیان کردن.

## 3_ ململانیی شووراکان و بەرەی کوردستانی

شوورا، وەکو هێزی ڕێکخراوی خەڵک، بۆ بەرگری لە ئازادی و دیموکراتی و ریکخستنی دەسەڵات، لە کوردستاندا سەری هەڵدا.
هەقیقەتی چەمک و نێوەڕۆکی شووراکان، وێڕای دروشم و بەرنامەی بانچەپانەی گرووپەکانیش، لە یەکێتیی ئارەزوومەندانەی ویست و خواستی جەماوەری کوردستاندا خۆی دەنواند و تا دواڕۆژەکانی ژیانیشی، نەبووە مۆڵکی چ حیزب و ریکخراوێکیان و بە شتاقیان قۆرغ نەکرا.

بەرە، یەکێتییەکی بە شەقی زەمانە یەککرتووی نێوان هەشت حیزبی سیاسیی چەکداری کوردستانە.
"بەرە" و "شوورا" دوو دیاردەی کۆن و نوێی ناتەبا و بەیەکدی نامۆن. بەرژەوەندی سەرکردە و خەلک، حیزب و کۆمەڵگە پاش هاتنەوەی حیزبەکان، کەوتنە جەنگی مان و نەمانەوە!.
شوورا، دەیەوێت دەسەڵاتی دیموکراتییانەی خەڵک، بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت و "بەرە"ش گەرەکییەتی تەوقی دەسەڵاتی سەرکردە و حیزب، لە ملی جەماوەر بنێت.
16ی ئازار، یادی کارەساتی ژاربارانکردنی هەڵبجەیە. هەزاران کەس لە شاری سلێمانیدا کۆدەبنەوە و خۆنیشان دەدەن. شووراکان، ڕێکخەر و ڕێبەری خەڵکن...((حیزبە بورژوازییەکان گرفت دێننە پێشێ و کۆسپ لەسەر ڕێ دادەنێن، وەلێ چ سوودێکی نییە...ل10)).
کارەکە، لە دیدی "بەرە"وە، وەخۆکەوتنی گەرەکە، پلان و نەخشەی وردی پێ دەوێت. جەماوەری سەرچڵ، جڵەوی پساندووە و دەبێ کەوی بکرێت.
(سەرلەئێوارەی هەمانڕۆژ، رادیۆی "بەرە" رایدەگەێنێت: شووراکان دەبێت هەڵوەشێن و ئەنجوومەنی گەڕەک، ئەنجوومەنێک کە لەسەریێ را و بە کۆمەکی "بەرە" هەڵدەبژێرێت، دابمەزرێت...ل10).
ئێستا دۆخەکە لە دیدی "بەرە"وە ڕۆشنە: هێزی زۆروزەوەندی شورا، یەککرتوو نییە. شوورا بەرنامەی ڕوونی نییە، ڕێبەر و کادری شارەزا و دەرکەوتوو و ناسراوی نین، سەنگی گرووپەکان لە نێو شووراداوەکو پێویست نییە.... وەختییەتی، ساتی پلان و پەلامارە... راگەیاندن، پاشان پەڕوباڵکردن و هێرشی بەکردەوە!. نوێنەرانی شووراکان، یەکدەنگ نین و لە ئاست راگەیاندنی توندوتیژی "بەرە"دا، هەڵوێستێکی یەککرتوویان پێ وەرناگیرێت.... ((نوێنەران، لەمەڕ هەڵبژاردنی تاکتیک و وەڵامدانەوەی هێرشی راگەیاندنی "بەرە" سەبارەت بە هەلوەشاندنەوەی شوراکان، بە تەواوی ڕێک ناکەون...ل11)).

لە جەنگەی جەنگی ڕاگەیاندندا، مانۆڕی گفتوگۆ و سەوادش دێتە گۆڕێ. لە دیدی "بەرە"وە، گفتوگۆ یاریکردنە بە کات و سایکۆلۆژیی جەماوەر، سازدانی زەمینەی زەبرئامێزە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە. سەنگەری بەرگریی شووراکان، تەنیا سەنگەری جەماوەرە. شووراکان، گەرەکە ئەو هەزاران کەسەی لە دەوریان کۆوە بوون، بۆ سەر شەقامانیان ڕاکێشن و کەڵەوەکێشی لەگەڵ "بەرە"دا بکەن. ڕێبەرانی شوراکان، فرەڕەنگ، فرەدەنگ و فرەپارچەن و ئەو کارەیان وەکو پێویست پێ ئەنجام نادرێت.
"بەرە"، هەوڵی داگیرکردنی قەڵای شووراکانی لە ناوەوە داوە، لایەنگرانی خۆی تێ خزاندوون و کەسانی لاواز و هەڵپەرستیشی دەمچەور کردوون.
گفتوگۆ لە نیوان وەفدێکی پێنجکەسیی شووراکان و "بەرە"دا درێژەی هەیە. "بەرە"، لەپشتپەردەوە و بە یەکلایەنی، چەند ئەندامێکی شووراکان "کە ئەندامی خۆیانن" بۆ وتووێژ داوەت دەکات. مشتومڕ و بێنەوبەرە دەکەوێتە نێوان خودی نوێنەرانی شووراکان و کێشەکە بە قازانجی "بەرە" دەشکێتەوە. بەشێک لە بەناونوینەرانی شووراکان، ناپاکی لە شوورا دەکەن و "بەرە"ش تێشەی داپاچینی شوورا، وەگەر دەخات... (( ڕێبەرانی شووراکان بە هاوکاری دەوڵەت، بێڕەوشت، پڕوپوچ و ئاژاوەگێڕ تاوانبار دەکەن. بەسەر کۆبوونەوەی خەڵکی شارۆچکەی "نەسر" و کۆبوونەوەی شوراکەیاندا تەقە دەکەن.
بڵندگۆی شارۆچکەی "بازیان" و شوورای گەڕەکی "مەڵکەندی" زەوت دەکەن.
چەکدارانی "بەرە"، دەرکی کارگە و نەخۆشخانەکانی شار دەگرن و بواری کۆڕ و کۆبوونەوە نادەن.
حیزبی کۆمۆنیستی ئێراق، ژێربەژێر پشتگیریی خۆی بۆ شوورا دەردەبڕێت. پاسۆک، شوورای مەرجداری گەرەکە، مەرجی قەبوڵکردنی کۆماری کوردستان...ل13)).
شووراکان، بەکردەوە ئابڵوقە دراون. نوێنەرانی بنکەی نێوەندی شوراکان، بێهودە کۆبوونەوە دەبەستن و دەستەپاچەن. کۆبونەوەکە، بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی نیوەندی بەئاکام دەگات... ((8 نوێنەر سەرسەختانە داکۆکی لە شوورا و ئامانجەکانی دەکەن. 3 نوینەر، ئالاهەڵگری پاشکشێ و سازشن لەبەردەم ئەنجومەنی داتاشراودا. 8 نوێنەر، بێ هیچ هەڵوێستێک کۆبوونەوەکە بەجێ دەهێڵن...ل13)).
ئاکامی کۆبونەوەکە، زایەڵەی مەرگی شووراکانە. شووراکان، ئەگەر بە یەکگرتویی بەرپەرچی "بەرە"یان پێ نەدرابێتەوە، ئەوا بە کەرت و پەرتی نەک هەر کارێکیان پێ ناکرێت، بگرە جەماوەریشیان لێ دڵسارد و بێهیوا دەبێت و لێیان تەوەلا دەبێت.
گەوەی ئابڵوقەی "بەرە"، دێت تەنگتر دەبێتەوە... ((بنکەی شوورای "زەرگەتە" دووبارە دادەخەن. دەستدرێژی بۆ سەر شوورای "خەبات" دەکەن و ژووریک لە

بنکەکەدا بۆ ئاژاوەگێڕی داگیر دەکەن. چەکدارەکانی پاسۆک، پۆستەر و دروشمەکانی بنکەی مەڵکەندی دەدڕێنن..ل19)).
وێڕای کەرتبوونی شوراکان و هێرشی "بەرە" و دڵساردیی خەڵکیش، تا داگیرکردنەوەی کوردستانیش، شووراکان بەسەر زیندوو بوون، وەلی ئیدی بایەخ و گرنگیی خۆیان لەدەست دابوو. ئیدی نەدەکرا وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان چاویان لێ بکریت. گرووپە بانچەپەکان، بێپشت مانەوە و لە خەوی نێو پێخەفی تیورە خۆڵەمێشییەکان وەئاگا هاتن. ئیدی دەهات تێدەگەیشتن کە ئەرکی سەرەکیی دۆخەکە، پاراستنی دیموکراتی و بەرزکردنەوەی ئاڵای بەرگرییە لە کوردستاندا، نەک کاری فەرهەنگی و پڕوپاگەندەی کرێکاری...((ئیدی کاری پلەیەکی ئێمە، کاری فەرهەنگی و پڕوپاگەندە و جێبەجێکردن نییە. بە کورتی کارەکان وەکو پێشوو نین. ئێستا، بەرگری لە پلەی یەکەمدایە..."29ی ئازار" ڕاپەڕین ل 20)).

## 4_ هێرشی فاشییەکان بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان:

بەهاری ئازادیی کوردستان کەمتەمەن بوو. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، حیسابیان بۆ داهاتووی پاش جەنگ کردبوو. ئەوان، کە لە جەنگێکی وەحشییانەی "100"سەعاتیدا، تەواوی ئامانجی خۆیان وەدەست هێنابوو، بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش و لەگۆڕنانی هیواکانی خەڵکیش، گوڕ و تینێکیان بە بەعسییەکان هێشتبوو و لە پەلوپۆیان نەخستبوون.
ڕژێم، پاش لەخوێنگەوزاندنی ڕاپەڕینی باشوور، بۆ کوردستان بایدایەوە. کەرکووک، کلیلی دەروازەی داگیرکردنەوەی کوردستان بوو. هێزەکانی ڕژێم، پێکهاتوو لە "16" لەشکر و "1500" تانک، بە پشتیوانیی کۆپتەر و ڕۆکێتی "سکۆد"ی دوورهاوێژ، پەلاماری کەرکووکیان دا و بۆ ماوەی "5"ڕۆژ، خوێناویترین جەنگ لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بەڕێوە چوو. خەڵکی کوردستان، پاشماوەی هێزی شووراکان و هێزی پێشمەرگەی "بەرە"، هیندەی پێیان کرا، بەرگرییان کرد. لەگەڵ هەرەسی کەرکووکدا، قەڵای ورەی هێزی پێشمەرگە و خەڵک هەرەسی هێنا. خەڵکی کوردستان، لە کوشتاری وەحشییانەی ناو کەرکووک تۆقین و هێزی حیزبەکان، پیش خەڵک پاشەکشێیان کرد. خەڵک بە کۆمەڵ لە پاش "بەرە"وە، شارەکانیان چۆڵ کرد و کۆچی چەندملیۆنی دەستی پێ کرد.
"بەرە" سەلماندی کە لە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی وەها چرکەساتێکی مێژووییدا نییە.
شارەکان داگیرکرانەوە، باڵای ئازادی لە خوێن هەڵژەنرا. لەسەر شانۆی گەلەکۆچ و برسێتی و مەرگ و ژاندا، هاوزەمانی هاتوهاوار و بەدەنگەوەهاتنی ڕای گشتیی جیهان، بۆ داکۆکیکردن لە کورد، کاروانی حزبەکان بەرەوە بەغدا داگەڕا.

حیزبەکانی کوردستان، لە پرۆسەی مفاوەزاتی خۆیاندا لەگەڵ بەعس، لە هەوڵی هێورکردنەوەی جەماوەر و سازدانی کەشێکدا بوون، کە ئەوان و بەعس، بەپێی هەندەک پرەنسیپ و نۆرمی هاوبەش، پێکەوە کوردستان بەرێوە ببەن.
جەماوەری کوردستان دەیویست راپەرین تاسەرکەوتن و راماڵینی بەعس بەردەوام بێت. راپەرینی دووەم لە 17 و 18ی تەموزی 1991دا، تەواوی بنکەکانی بەعسی لە بەشێکی گەورەی کوردستاندا، هەڵپێچان. رژێم ناچار بوو، شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک بەجێ بهێڵێت. ئاوا، دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی، بوو بە دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ لە کوردستاندا... دەسەڵاتێک کە جگە لە سەروەرییەکانی خەباتی شاخ، هیچ رەواییەکی یاسایی نەبوو.

پاشبەند:
وەکو لە بەراییدا گوتم: ئەم نووسینە، لە ساڵی 1991دا نووسراوە و لە ژمارە "3"ی گۆڤاری "خەرمانە"دا، لە سوید، بڵاوکراوەتەوە.
ئێستا، 15ساڵ بەسەر نووسینی ئەم بابەتە و تەمەنی راپەریندا تێ دەپەرێت.
15ساڵە کوردستان ئازاد و کورد حوکمی خۆی دەکات!. ئەزموونێک لە حوکمرانیی خۆماڵی خەریکە پیر دەبێت و هێشتا دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی پریمەتیڤی دوور لە هەر رەگەزێکی مۆدرن و ئەقڵانییە. دەسەڵاتێکی دووبەش و چەندبەش کە میکانیزمی کارکردنی لە کایە جیاوازەکاندا، لەسەر ویستی حیزب، سەرکردە، گروپچییێتی و لە چوارچێوەی سیستەمی "ئیمتیازات"دا کار دەکات.
ئەم دەسەڵاتە، لە تەمەنی 15ساڵی خۆیدا، نەیویستووە و نەیتوانیوە دنگە سەرەتاییەکانی دەوڵەتێکی دامودەسگایی لە کوردستاندا رۆ بنێت و لە رووی سیاسیشەوە، ئاخاوتەیەکی سیاسیی ئیفلیجی هەیە.
دەسەڵاتێک "گانگرین"ی گەندەڵی لە جەستەیدا تەشەنەی کردووە و کرمۆڵ و پەککەوتە دێتە بەرچاو.
دەسەڵاتی کوردی، پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر دوورێیانی چارەنووسی خۆیان وەستاون... دوورێیانێک کە لەوبەرییەوە، "حەماسێک"ی کوردستانی خۆی مەڵاس داوە.

2006 _1991